# ماڵێک.. پڕ لەکتێبی ئیرهاب

هێمن عەبدوڵڵا / هۆڵەند

وەک هەڤوەڵاتییەک ، سەربوردەی گوناهکردن و بێبەزەییێتیی( شێخ زاناکان)م لە کوردستان تێ ڤێ وە دیت .
دامنابوو ، ئەو هەفتەیە ، دەربارەی منداڵان و خەمەکانی وان بنووسم ، بەڵام باری دڵتەنگی و وردبوونەوە لە شێخەکان و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی وا دڕندانە لە جڤاکی کوردیدا ، هێندە سەنگینیی لەسەرشانم دروستکرد ،کە نەمتوانی گۆشەی ئەو هەفتەیەی بۆ تەرخاننەکەم و نەپرسم : شێخ زاناکان کێن ؟ ، خەڵکی کوێن ؟ و پەروەردەی کام جڤاک و جێن ؟.

* * *

کە زانیم یا شێخ هاوزمانمە ، خەم دایگرتم ، کە بیستم هەولێرییە ، دڵگران بووم ، کە گوتیشیان : تەمەنی سی و پێنج بەهاریی لە خوێندنگاکانی کوردستاندا گوزەراندووە ، خەریکبوو بتەقم ! . تا ئێستا ئەوەی وایلێدەکردم کەمێک دڵم بە ساغلەمیی جڤاکی کوردی خۆشبێ ، سەرهەڵنەدانی تێرۆری زۆر دڕندانە و بڵاونەبوونەوەی ئایدیای ئایینداریێتیی بەربەرییانە بوو ، هەمیشە دەمگووت : تێرۆرکردنی رۆژنامەنووسێک و کوشتنی ژنێک و هەڕەشەلێکردن و ترساندنی مامۆستایەک و تێزابرِشتن بە قاچوقولی ڕووتی کچۆڵەیەکدا ، نیشانە سەرەتاییەکانی بە ئیرهاب ئاوسبوونی کۆمەڵگان ، بۆیەش چارەسەرێکی سەرەتاییی کارسازانەم پێ بەسبوو بۆ چارەکردنیان . لێ ئەوکاتەی بیستم و بینیم کە تێرۆریستی کورد زۆر لە هاوشانەکانی واوەتر رۆیشتووە و نێربازی و مێخەڵەتێنی و بۆتێست سەربڕینیشی هێناوەتە دەفتەری چەلەنگییەکانی ئیرهابییانەوە ، ستۆپێکم کرد و پەشیمانیی خۆم لە بیرۆکەی ( ساغلەمبوونی جڤاکی کوردی ) گەڵاڵەکرد .

* * *

بە راشکاوییەوە دەڵێم : جڤاکی مە ناساغلەمە ، کە وابێژم ، مەبەستم هەست بریندارکردنی کەس نییە ،بەڵام ئەوە هەقیقەتێکە و لەپەنای وشەبەوشەی دەربڕینەکانی شێخ زاناکانەوە هەستمپێکرد .

لە جڤاکێکی ساغلەمدا ،کەسێک کە تاواندەکات ،دوایێ کە گیرا و تاوانەکەی ئاشکرابوو ،شەرم لە خۆیدەکا و زۆرجار لە پرمەی گریاندەدات ، بەڵام شێخ زاناکانی مە ،نەک هەر نەگریان ، بەڵکو وەک هەر کارێکی دیکەی رۆژانە ، چالاکیی سەربڕینەکان و سێکسکردنە ئیماندارانە و جیهادییەکانیان ! ، بە خوێنساردییەوە بۆ گێڕاینەوە .
ئەو ئارامییە زۆر و دڵتەنگییە کەمەی بە روخساری شێخەکانەوە بوو ، نیشانیداین کە مرۆڤێکی کورد ،گەیشتۆتە کوێ لە دڵڕەقیدا !! ، بۆیەش هاوارمان لێهەڵستا و بە دەنگی بەرز پرسیمان : چۆن دەکرێ بەر بەو دڵڕەقییە بگرین و ئاخۆ دەوایەکی شیفابەخشیش دەستدەکەوێ بۆ ناساغییەکەمان ؟

*                    *                    *

دەرمانی دەردی مە، داڕشتنی سیاسەتێکی فەرهەنگیی بایەخپێدراوە ، ئێمە پێویستمان بەوەیە کە لە بەرامبەر تێنوێتیی تاکەکانی جڤاک، بۆ چەلەنگی نواندن و خۆنومایانکردن ، سیاسەتێکی فەرهەنگیی جوابگۆمان هەبێت .
پێویستە هەڵمەتێکی فراوانی ئاگاییبەخشین بە هاونیشتمانییەکانمان دەستپێبکرێ ، پێتڤییە بزاڤێکی وەرگێڕانی ئامانجدار هانبدرێ ،کە هەم کەلێنی گەورەی بێ کتێبیی دەروونناسی و ژیانزانی پڕبکاتەوە و هەمیش خەڵک حاڵیبکات کە دوور لە توندوتیژی ، جۆرێکی دیکەی پێکەوە هەناسەکێشان هەیە ، کە پێیدەوترێ : ژیاندۆستی .

*                    *                    *

پێشموایە : ئەگەر دەسەڵاتی کوردی، بە نیازپاکییەوە بیەوێت رێگەبگرێ لە دووبارەبوونەوەی دیاردەی شێخ زاناکان ، ئەوە دەبێ لە پەلەکردن لە داڕشتنی سیاسەتە فەرهەنگییە ئامانجدار و بایەخپێدراوەکەوە دەستپێبکا و بە سەرتاپای پرۆگرامە توندوتیژی خوڵقینەکانی قوتابخانەکانیشدا بچێتەوە ، ئاخر هەم یا شێخ و هەم مامۆستا ( مافی مرۆڤ پارێز!!) وەکەی هاوکاری و هەم تەواوی شێخ زاناکانی دیکەش ، پەروەردەی ئەو قوتابخانانە بوون، کە بە قەولی بیرمەندێکی عارەبی : لەبەر ئەوەی پڕبوون لە کتێبی ئیرهابیساز ، قوتابییەکانیشی ئیرهابویست دەرچوون ! .

www.hemnabdulla.blogspot.com